**یەکگرتوو دومەڵە یان واقیع؟**

**سامان کەریم**

**بەرکوڵ..**

**وەك لەئەدەبیاتی ئەو پارتەدا هاتووە، کە ئەوان ڕەگ و ڕیشەیان بۆ پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام دەرفەت لەباردا نەبووە بۆ خۆڕاگەیاندنی ئاشکرا، تا لە 1994/2/6 واتا تەنها (3) ساڵ دوای بەرپابوونی ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکی باشوری کوردستان، خۆی ڕاگەیاند.**

**لەئەدەبیاتی خۆشیاندا، دان بەوەدا دەنێن، کە مەرجەعیەتی سەرەکی ئەوان ڕێکخراوی (اخوان مسلمین)ی ئیسلامییە، کە ساڵی 1928 لەمیسرو لەلایەن (شێخ حسن البنا)وە دروست بووەو یەکگرتوو لقی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ئیسلامییەی کوردستانە.**

**یەکگرتوو لە 1994 دروستبوو یان ڕاگەیەندرا؟..**

**دوای ئەوەی ساڵی 1928 ڕێکخراوی (اخوان مسلمین) لەمیسرو لەشاری ئەسکەندەرییە دروست دەبێت، بیر لەوەدەکاتەوە، کە بۆ خۆبەجیهانیکردن و توندوتۆڵکردنی پایەی خۆی لەناو وڵاتاندا، چەند لقێك لەوڵاتانی دەرەوەی میسردا بکاتەوەو وەك دەستپێکیش وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان لەپێشتر بوون.**

**لەعێراقدا لەسەرەتای ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا لقی (اخوان مسلمین) کراوەتەوەو سەرەتاش لەڕێگەی هەندێك مەلاو مامۆستای سەر بە (اخوان)ەوە بیرو فەلسەفەو ڕێبازی ئیخوانەکان بڵاوکراوەتەوە. کۆمەڵێك پیاوی ئایینی عێراق لەنمونەی (شێخ محەمەد سەعید سەواف، فوئاد ئالوسی و شێخ محەمەد زەهاوی و...هتد) ساڵی 1946بۆیەکەمجار (جمعیە الاخوە الاسلامیە) وەك لقی سەرەکی (اخوان مسلمین) لەعێراقدا دروست دەکەن.**

**لەوکاتەوە ئەوان چاو دەبڕنە کوردستان کە پەلوپۆی ئەو ڕێکخراوەی پێبگەیەنن" تا لەساڵی 1952دا بەسەرپەرشتی (محەمەد سەواف) لەشاری هەڵەبجە یەکەمین کۆبوونەوەی سیاسی ئیخوانەکان دەبەستن و تیایدا کۆمەڵێك بەشدار دەبێت لەنمونەی (مەلا عەلی عەبدولعەزیز، مەلا عوسمان عەبدولعەزیز و مەلا سدیق ڕێشاوی و...هتد) و کۆتاییەکەشی بەوە دێنن، کە لەکوردستاندا لقی ئیخوان بەهەمان ناوی ئەوەی عێراقەوە دروستبکەن و مەلا عوسمان دەکرێت بە بەرپرسی لقەکە.**

**وەك سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن ئیخوانەکانی عێراق ساڵی 1959 (حزبی ئیسلامی عێراق) پێکدەهێنن و ئیخوانەکانی کوردستانیش دەچنە ناو ئەو حزبەوەو کاری تیادا دەکەن هەتا دوای ڕاپەڕینی 1991.**

**لەو تیژتێپەڕینەدا بەناو مێژووی ئەو ڕێکخراوە لەکوردستاندا، ڕوون دەبێتەوە، کە تا ساڵی پێش 1994 هیچ ڕێکخراوێك یان پارتێکی نە ئاشکراو نە نهێنیی ئیسلامی لەکوردستاندا نەبووە، کە ئیخوانەکانی کوردستانی لەخۆگرتبێت" تەنها ئەوە نەبێت، کە هەرچییەکیان کردبێت لەناو ئەو ڕێکخراوە عێراقییەدا بووەو مۆرکی کوردانەی بەهیچ جۆرێك پێوە نەبووە. دەبێ ئەوەش بگوترێ، کە ئەوانەی بۆیەکەمجار(اخوان مسلمین)یان هێنایە کوردستانەوە" دواتر هەر ئەوانە بوون، کە پارتێکی ئیسلامیی سیاسییان لەکوردستاندا دروستکرد بەناوی**

(بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق)، لەبەر ئەوە ناکرێت بگوترێ یەکگرتووی ئیسلامی لە 1994دا خۆی ڕاگەیاند، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە لەو ساڵەدا دامەزراو خۆشی ڕاگەیاند، چونکە هیچ پێشینەیەکی نەبووەو ئەو جوڵانەوەیەی ئیخوانەکانیش لەکوردستاندا ناکرێت بە مێژووی یەکگرتوو بزانرێت.

یەکگرتوو واقیعکردە یان دەستکرد؟

دروستبوون و لەدایکبوونی هەر گروپ و پارتێکی سیاسی مێژووکرد دەرەنجامی بۆشاییەکی سیاسییەو لەهەناوی کۆمەڵگەوە دێتەبوون، نەك لەسەر بنەمای هەناردەی دەوڵەتان و ویستی کۆمەڵێ کەس. یەکگرتووی ئیسلامی، تەواو لەو حزبانەیە کە هیچ واقیع و دۆخێکی مێژوویی نەیهێناوەتە بوون.

یەکگرتوو لەسەرەتای ساڵی 1994دا دامەزرا، لەبارودۆخێکدا کە تەنها (3)ساڵ بوو مەترسی ڕژێمی بەعس لەکوردستان نەمابوو و چیتر خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد ڕێڕەوێکی تری بەخۆوە گرت و شاخ بەشار گۆڕا" بەدیوێکی تریشدا، یەکگرتوو لەدۆخێکدا هەڵتۆقی، کە هەم سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕێکی نێوخۆی کورد-کورد بوو و هەمیش چەند مانگێك تێپەڕیبوو بەسەر شکستهێنانی (بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق)، کە تاکە پارتی ئیسلامی-سیاسی چەکدار بوو تا ئەو دەمە لەکوردستاندا. کەواتە کوردستان لەو ساڵانەدا کەوتبووە ڕەوشێکەوە، کە لەلایەکەوە پەیڕەوانی بۆچوونی ئیسلامی و ئیخوانەکانی کوردستان بەهۆی نوشوستی بزووتنەوەوە لەبازنەیەکی ئیسلامی دەگەڕان کە خۆیانی تیادا ڕێکبخەنەوەو لەلایەکی دییشەوە بەهۆی شەڕی نێوکۆوە خەڵکی کوردستان لەبارێکی ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتی ناهەمواردا دەژیان.. ئەوانە پێکرا زەمینەی دروستکردنی یەکگرتوویان سازاند، نەك واقیعی مێژووکرد! یەکگرتوو دەرهاویشتەی ئەو کێبڕکێ سیاسییەو ئەو بارودۆخە نالەبارەی خەڵکی کوردستان بوو، نەك پێشینەی کاری سیاسی و خەباتی ژێر زەمینیی!. دەڕوانین ئەو دروشمەی، کە یەکگرتوو هەڵیگرت و ئێستاشی پێوەبێ لافی پێ لێدەدات (ئاشتی، یەکسانی، دادپەروەری)" تەنها پەیوەندی بەو ڕەوشەی ئەودەمی کوردستانەوە هەیەو هیچ ڕەهەندێکی مێژوویی، سیاسی و خەباتی نهێنیی یەکگرتوو دەرنابڕێت. ئەو ئارمەشی یەکگرتووی پێ ناسێنرا، کەبریتییە لەدوو دەستی لەناو یەك، هەر گوزارشتە لەئاشتبوونەوە، کە لەو بارودۆخەدا یەکگرتوو مامەڵەی باشی پێکردو سوودمەندیش بوو لێی!.

ئەدەبیاتی یەکگرتوو، دروشمی یەکگرتوو، مێژووی بێ مێژووی یەکگرتوو، لەوە زیاتر ناسەلمێنن، کە ئەو پارتە ئیسلامییە-سیاسییە زادەی هیچ پێشینەو دۆخێکی واقیع نییەو وەڵامی هیچ پرسیارێکی مێژووکرد نییە. لەهەناوی کۆمەڵگای کوردستانەوە هەڵنەهێنجراوە" بەپێچەوانەوە، تەنها ڕەوشی نالەبارو دۆخی شەڕاوی و بۆشایی بیری ئیسلامی-سیاسی لەکوردستاندا، یەکگرتووی دروستکردووە. کەواتە پوختەکەی: یەکگرتوو دومەڵەو لەجەستەی کوردستان هەڵتۆقیوە، نەك واقیع بێت و پێویستیی کوردستان خواستبێتی.

یەکگرتوو بەکام دید دەڕوانێتە دۆزی کورد؟

لەبەرئەوەی یەکگرتوو یەکگرتوو پارتێك نییە، کەزادەی ڕەوشێکی سیاسی مێژووکردو واقعیانە بێت، لەهەناوی کۆمەڵگەی کوردییەوە هەڵنەقوڵاوە، بەڵکو دوومەڵ ئاسا هەڵتۆقیوە، بۆیە هیچ مایەی گومان نییە کە لەئەدەبیات و

دروشم و هێڵە گشتییەکانی ڕەوتی کارو بەرنامەیدا، هێندە بەتەنگ کوردبوون و پرسی کوردەوە نەچێت و خۆی بۆ خەباتێك ساز نەکات، کە پێی بووترێت کوردایەتی.
ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە دەکرێ ئاماژە بەوە بکرێت، کە یەکگرتوو لقی سەرەکی (اخوان مسلمین)ە لەکوردستاندا و چاوەڕێی گڵۆپی سەوزی ئەوە، کە بۆی هەڵکات. تەنانەت لەتۆمارو بەڵگەنامەو ئەدەبیاتی فەرمی سەرکردایەتی دەولی ئیخواندا بە (یەکگرتووی ئیسلامی لەکوردستان) ناسێنراوە نەك (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان)" بەو گوێرەش وشەی (کوردستان) لەناوی یەکگرتوودا تەنها بۆ جیاکردنەوەی شوێن ئاماژەی بۆ کراوەو هیچ مەبەستێکی نیشتمانی و هێمایەکی نەتەوەیی پێوە نابینرێت.
وەك لەسەرەتادا وتمان و بەپێی مێژوویش" یەکگرتوو لقی کوردستانی (اخوان مسلمین)ی جیهانییەو هەنگاو و بەرنامەکانی ئەو ڕێکخستنە ئیسلامییە–سیاسییە لەکوردستاندا پراکتیزە دەکات و بەڕێوە دەبات. بێگومان دەبێت هەر هەڵوێستێکی یەکگرتوو دەرهاویشتەی بڕیارێکی ئیخوان بێت و هەر هەڵوێست و کردەیەکی ئیخوانیش لەلایەن یەکگرتووەوە دانپیادانراو بێت.
(اخوان مسلمین) لەسیاسەت و پرۆگرامیدا عەرەبچێتی و ڕەگەزپەرستێتی بۆ عەرەب ڕەنگدانەوەی تەواوی هەیەو زۆرجاریش لەچەندین بۆنەو هەڵوێستدا دژ بەکورد جوڵاوەتەوە. (حەسەن ئەلبەنا)ی دامەزرێنەری (اخوان مسلمین) دەڵێت: نەتەوەگەرێتی عەرەب پەیامی بانگخوازی پرۆژەی سیاسی ئیخوانەو هەموو موسوڵمانان بەغەیری عەرەبیشەوە دەبێ تێبکۆشن بۆ یەکێتیی عەرەب. یەکگرتووی ئیسلامیش ئەندامەکانی و جەماوەرەکەی بەجۆرێك پەروەردە دەکات، کە شانازی بەزمانی عەرەبییەوە بکەن و لەنێویاندا باس باسی (فقه، نحو، صرف و بلاغە)ی زمانی عەرەبییە.
ئەوکاتەشی دوای ڕاپەڕینی جەماوەری کورد لەباشووری کوردستاندا، کە پەرلەمان و دواتر حکومەتی کوردستان پێکهێنرا، ئیخوانەکان هەڵوێستی دژکارانە وەردەگرن. (مأمون الهضیبي)ی وتەبێژی ئەوکاتی (اخوان مسلمین) بەو ڕووداوە مێژووییەی کورد دەڵێت: کوردەکان لەدین وەرگەڕاون و لەئیسلام دەرچوون(!).
یەکگرتووی ئیسلامیش هەر دیوێکی ئەو دراوەیە، کە دەیەوێ کورد لەبۆتەی عەرەبدا بتوێنێتەوە.. یەکگرتوو بەدیدێکی ئیخوانیانە دەڕوانێتە چەمکی نەتەوایەتی و بەئاراستەی هێنانەدی پرۆسەی سیاسیی ئیخوان هەنگاو دەنێت کە بریتییە لە(قەوارەی عەرەبی یەکێتیی گەلانی ئیسلامی لەژێر دەمامکی قەوارەی عەقیدەی ئیسلامیدا)، نەك بەگوێرەی پرۆژەی ڕزگاری نەتەوایەتی کوردو قەوارەی نەتەوایەتی کورددا. ئەوەتا ئەمیندارە گشتییەکەی یەکگرتووش (مامۆستا سەلاحەددین بەهادین) بەئاشکرا دەڵێت: قەوارەیەکی عەقیدەی ئیسلامی نەك قەوارەی نەتەوەیی کوردی.
یەکگرتوو لەڕۆژی دامەزراندن و خۆڕاگەیاندنییەوە (1994/2/6) هەتا ئەمڕۆشی پێوە بێت، بەکردەوە هیچی پێنەبووە بۆ دۆزی کورد و یەکێتیی نیشتمانی کورد لەکوردستاندا.. ئەگەر ئێستاش بەهەوای قۆناغەکە دەیەوێت شەنی خۆی بکات و بەزۆر بیەوێت ناوی کوردو دروشمی کوردستانی لە ڕووکەشی کاریدا جێبکاتەوەو کەمێك ژێر لێوانە لافی کوردبوون لێبدات، ئەوا تەنها ئاماژەیەکی نهێنیی و پشت پەردەی پێوەیەو دەیەوێ بەو ڕێگایە

خۆڵ بکاتە چاوی خەڵکی و پەتی درۆکانی بۆ جەماوەرەکەی درێژتر بکاتەوە.. دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە خۆی بگەیەنێتە پشکێکی دەسەڵات و دواتر لەوێوە کار بۆ مەرامە ڕادیکاڵانەکانی بکات، کە بێگومان هەرگیز کوردبوون و کوردایەتی تیادا ڕەنگ ناداتەوە.. بۆیە پێم وایە ستەمە ئەمڕۆ کوردێك بەلاف و گەزافی کوردایەتییەکەی یەکگرتوو باوەڕ بێنێت، چونکە دڵنیام سبەینێیەکی نزیك هەر دەچێتەوە ئەو قاوغەی خۆی، کە ئیخوانە عەرەبەکان پڕ بە باڵای بۆیان دروستکردووە.

یەکگرتوو لەکوێوە بۆ کوێ؟

گرنگە لێرەدا بەچەند دێڕێکیش بێت ئاماژە بەو باسە بکرێت، کە یەکگرتووی ئیسلامی لەپێناوی چیدا دامەزراو بەکام قۆناغدا گوزەری کردو دەگاتە کوێندەری؟.. پێشتریش ئەوەمان وت، کە یەکگرتوو لەپێناو کۆمەڵێك مەرام و خواستی دوور لەپەیوەستیی کوردییەوە لەکوردستاندا دامەزرێنرا" بەو مانایەی یەکگرتووی ئیسلامی وەك پارتێکی ئیسلامی-سیاسی-دەستکردو ناپێویستی گۆڕەپانی سیاسی کوردی و کۆمەڵگای کوردستان هاتووەتە بوون.

بەهۆی هەلومەرج و بارودۆخەکەی ڕۆژگاری خۆڕاگەیاندن و دامەزراندنییەوە یەکگرتوو توانی سوودێکی گەورە وەربگرێت و بۆشاییەکی بەرینیش بقۆزێتەوە، کە لەڕێیەوە بانگەشەکەی سەربگرێت، ئەوە بوو توانی بەئاسانی لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا هەوادارو لایەنگرانێك لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە.

یەکگرتوو لەدۆخی شەڕدا بانگەشەی (دەمامکداری) بۆ ئاشتی کرد، لەدۆخی پەرتبوون و شکستی هێزی چەکداریی ئیسلامییەکاندا بانگەشەی بۆ میانڕەویی ئیسلامی کرد، لەدۆخی داتەپیوی ئابوری کوردستاندا، بەشێوەیەکی بڵاو پارەی هەڵڕشت "ئەو پارەیەی کە ئاغاکانی لەدەرەوە بۆیان کۆدەکردەوە!"و تەماعی خەڵکی ڕەشوڕوتی کوردستانی بەلای خۆیدا کێش کرد.. ئەوەش ئەو ڕێگایەی بۆ (سفت)کرد، کە بتوانێت قۆناغی یەکەمی بەرنامەکەی جێبەجێ بکات.

یەکگرتوو بەتونێلی گۆڕانکارییەکاندا هات و خۆی گەیاندە ئەمڕۆ، بەڵام بێگومان لەماوەی ئەو (10)ساڵەی ڕابردوویدا لەهەر وێستگەیەك وەستابێت، زیان بەرەوتەکەی گەیشتووە.. هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ" دەبینین و ڕوونە، کە یەکگرتوو هەرەتی لاوێتی تێپەڕاندووەو نیشانەکانی پیرێتی ڕووی سیمای داپۆشیوەو ڕەنگە هێندەشی نەمابێت بگاتە سەرەمەرگی.. ئاخر ئێستا لەهەر کاتێك زیاتر خەڵك هۆشیار بووەتەوە، شەڕ نەماوە، ئابوری خەڵك باشتر بووە، مووچەی هەتیوانەو مزگەوت دروستکردنەکانی یەکگرتوو و تەخشان و پەخشانی پارە کەمتر بووەتەوەو ئیسلامییە توندڕەوەکان بایی ئەوەیان بۆ یەکگرتوو نەهێشتووەتەوە، کە بەناوی ئایین و ئیسلامەوە خەڵك چەواشە بکات.. ئەوانەو خاڵگەلێکی تریش بۆ ئەمڕۆی سەلماندووە، کە یەکگرتوو ناتوانێت تەمەن درێژ بێت" هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایەی کوردستانیش لەئاستی پارێزگاکاندا، باشتر سەنگی یەکگرتووی دەرخست().

بەوە دەیبڕمەوە، کە یەکگرتووی ئیسلامی واقیع نییەو دوومەڵی سەر جەستەی کوردستانە، دوومەڵیش هەر ڕۆژێك بێت ئەتەقێت و شوێنەواری کاڵ دەبێتەوە..